# ئاسایشی ئیدارەی هەولێر شەڕی چی،
# بە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەفرۆشێ ؟

دکتور فایق محەمەد گوڵپی
2006-1-8

لای هەموان ئاشکرایە ، لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی داموو دەزگاکانی دەوڵەت ( حکومەت ، پەرلەمان ، دادوەری ) لە ژێر کونترۆڵی دەسەڵاتی حزبدان و بە گوێرەی بەرژەوەندی و بە ئاڕاستەی پەنجەی حزب دەخوڵێنەوە . یەك لەو دەزگایانەی حکومەت کە بە تەواوی دەزگایەکی حزبیە و لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا ملکەچی بڕیارەکانی حزبە ، وەزارەتی ناوخۆیە ، وە لە ناو وەزارەتی ناوبراویشدا دەزگای ئاسایشی گشتیە ، دەزگای ئاسایشی هەردوو ئیدارەکە لەو کەسە حزبیە قحانە پێکهێنراوە کە دەروێشی حزبن و بەرژەوەندی گەل و نەتەوە ، سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ ، لە خزمەتی حزب و بنەماڵە و خێزاندا بە بێ دوو دڵی بەکارئەهێنن . هەر ئامۆژگاری و بڕیارێك لە مەکتەبی سەرۆك و سکرتاریەت و مەکتەبی سیاسی و دەزگا حزبیەکانی ترەوە بۆ ئەم دەزگا حکومیە ڕەوانە بکرێت ، بە بێ چەند و چۆن جێ بەجێ ئەکرێت .
ماوەیەکە ئاسایشی شاری دهۆك لە ژێر پەردەی یاسا و پەیڕەوکردنی یاسادا دەیانەوێت بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (پ.چ.د.ك) لە شاری دهۆك دابخەن . هەڤاڵانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دهۆکی پ.چ.د.ك بانگ ئەکەن و پێیان ئەڵێن : ئەگەر ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەولێر بۆ کردنەوەی بارەگا بە دەست نەخەن ، بارەگاکەتان دائەخەین .
دواتر بارەگاکەیان داگیرکردوو هەڤاڵانیان دوو ڕۆژ زیندان کرد و قوفڵێکی زلیان لە دەرگای بارەگاکە گیرکرد و سەرکەوتنێکی کەم وێنەی دیموکراتیانەیان بۆ حزبی دەسەڵاتدار بە دەست هێنا .
ئەم گفتووگۆ و هێنان و بردن و گرتن و قوفڵدانەی ئاسایشی دهۆك سیناریۆیەکە کە لە لایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) بۆ سنووردارکردنی بنەماکانی سیستەمی دیموکراسیەت لە کوردستاندا ڕێکخراوە و ئاسایشی دهۆك و وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی هەولێر ڕۆڵی ئەکتەری تیا ئەبینن . ئاسایشی دهۆك لای ڕوونە کە وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی هەولێر بۆ کردنەوەی بارەگای دهۆکی پ.چ.د.ك گرین لایتی بۆ هەڵناکات ، بەڵام بە پێی سیناریۆی دەرهێنراو بۆ ئەوەی رای گشتی و دام و دەزگاکانی مافی مرۆڤ و هاوپەیمانان لە دژیان نەوەستنەوە ، ئەبێ ئەم یاریە بەو شێوەیە بەڕێوە ببەن .

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە عێراقە فیدرال و دیموکراتەکەی پارتی و یەکێتیدا حزبێکی ئاشکرا و مۆڵەت پێدراوە ، لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا وەك حزبێکی ڕەسمی بەشداری کردووە ، لە کەرکوك ، مووسڵ ، بەغدا ، هەولێر و سلێمانی بارەگای تایبەتی خۆی هەیە . بە گوێرەی یاسای حزبە سیاسیەکانی پەرلەمانی کوردستان پ.چ.د.ك مۆڵەتی ڕەسمی هەیە . ئەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەنگاو کردنی بەڕێوەبەرایەتی دهۆکی پ.چ.د.ك (بە زیندان کردنی هەڤاڵان و داخستنی بارەگا) شەڕی چی ئەفرۆشێت ؟
لێرەدا بە پێویستی ئەزانم هۆکاری ئەم فشارانەی ئاسایشی دهۆك بۆ سەر پ.چ.د.ك ئاماژە پێبکەم و ڕوونیبکەمەوە کە ئامانجی ئەو جۆرە فشارانە ئەوەیە بە پ.چ.د.ك بڵێن نابێت لەمەو دوا لە ئاست هیچ دیاردەیەکی نەگەتیڤی حوکمڕانی ئیدارەی هەولێری هەرێمی کوردستاندا سەربەرزکەنەوە و هەڵوێست وەربگرن ، ئەگینا لەمە خراپترتان پێ ئەکەین .
با پێش ئەوەی هەڵوێستی پ.چ.د.ك بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی پ.د.ك بزانین ، لایەك لەو هەڵوێستانەی پ.چ.د.ك بکەینەوە کە حزبی دەسەڵاتداری ئیدارەی هەولێری نیگەران کرد و ، بەم فشارانەی دوایی دەیەوێت تۆڵەی لێبکاتەوە و وەك حزبەکانی تری باشووری کوردستان دەستەمۆی بکات .

1. پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان تەنها پارتێکی ناو پرۆسەی هەلبژاردن بوو،کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریکرد و لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ڕەخنەی لە دەستوور گرت و هەڵوێستی بە : ( نا بۆ دەستوور ) ی نیشاندا .

2. لە سەر کێشەی ڕفاندن و بێسەروو شوێنکردن و حوکمدانی 30 ساڵ بەسەر دکتور کەمال سەید قادر دا ، پ.چ.د.ک لە باشووری کوردستاندا ، تاکە حزب بوو کە ئەو هەڵوێست و کردار و بڕیارانەی ئیدارەی هەولێری چەندان جار پرۆتستۆ کرد .

3. لە سەر کێشەی هێرش بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە شاری دهۆك و جێگاکانی تر ، پ.چ.د.ک لە پێش هەموو حزبەکانی ترەوە ، بۆ ماوەیەکی درێژ و لە چەندان بۆنەدا دژی ئەو روداوە درووستکراوەدا هەڵوێستی وەرگرت .

دیارە ئەم هەڵوێستانەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بە ئاسانی بۆ دەسەڵاتدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەرس ناکرێن ، ئەبێ بەرنامەیەکی تۆڵەسەندنەوە لە دژی ئەو هەڵوێستانە داڕێژرێت و پەیڕەوەبکرێت ، سیناریۆی داخستنی بارەگای دهۆکی پ.چ.د.ك یەك لە بەرنامەکانی تۆڵەسەندنەوەکەیە ، چیتر ماوە ئەوە تا پ.د.ك لە دژی پ.چ.د.ك بەرێوەی ببەن ، بە گوێرەی توانای ئیدارەی هەولێر ، لە ئایندەدا دەرئەکەوێت .

ئەوەی دەسەڵاتی ئیدارەی هەولێر لە بەرامبەر پ.چ.د.ك پەیڕەوی ئەکات لە بنەماکانی دیموکراسیەت و ئازادی ڕادەربڕینەوە دووره ، ئەو هەڵوێست و بڕیارانەشی کە لە لایەن پ.چ.د.ك وە وەرگیراوە و وەرئەگیرێت و کاری پێ ئەکرێت ، ئەوە هەڵوێست و بڕیاری هێزێکی ئۆپۆزسیۆنە لە وڵاتێکی دیموکرات و کومەڵگایەکی دیموکراتدا ، یان بە واتایەکی تر ئەو هەڵوێست و بڕیارانەی پ.چ.د.ك هەندێ لەو کار و بڕیار و دەربڕیانەن کە بۆ پێشخستن و قووڵکردنەوەی پرۆسەی دیموکراسیەتی کوردستان پێویستن ، کامەیان زیاتر خزمەت بە کێشەی ڕەوای گەلی کورد و سیتەمی دیموکراسیەت ئەکات ئەبێ ڕێزیان لێبگیرێت و فراوان بکرێن ، کامەیان زیاتر ئاسۆی دیموکراسیەت و بنەماکانی کومەڵگای مەدەنی بەرتەسك ئەکاتەوە ئەبێ پەراوێز بخرێن و بە لاوە بنرێت . ئەوە گرنگ نیە کام لایەنە کام هەڵوێست و بڕیارە بە ڕێوە ئەبات ،( پ.چ.د.ك ) یەکی نوێ و ژمارە کەم و هەژار ، یان (پ.د.ك)یەکی کۆن و خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەند ، گرنگ ئەوەیە کامە هەڵوێست لە خزمەتی بەرژەوەندی باڵای گەلدا یە ، ئەو هەڵوێستە زیندوو و نەمروو سەرکەوتووە و لە لایەن گەلەوە لە ئایندەدا پەیڕەو ئەکرێت .